# شەونم

## هۆنراوەی (37)

دانی که چنگ و عود چه تقریر می کنند

ئەو چەنگ و عوودە حاڵی ئەبی چی بەیان ئەکەن
بادەی نهێن بخۆنەوە تەنبێی عەیان ئەکەن
شەوقی ئەوین و زەوقی ئەویندارى نایەڵن
لۆمەی جەوان و سەرزەنشی پیرەکان ئەکەن
دەشڵێن مەڵێ و مەبیسە لە رەمزی ئەوین هەواڵ
چاو لەو حیکایەتەی کە چلۆنی گران ئەکەن
ئێمەی لە پشتی پەردەوە سەدجار فریودراو
ئاخۆ لە ژووری پەردەوە بیری چمان ئەکەن
دیسان ملۆزمی پیرەکەیانن مریدەکان
بڕوانە سالیکان چ لە پیری موغان ئەکەن
سەد ئابڕوو بە نیو نەزەر ئاسانە سەندنی
جوانان گەر ئەو موعامەلە ناکەن زیان ئەکەن
هێندێک دەڵێن بە هەوڵە گەیشتن بە وەسڵی یار
هێندێک شکایەتێ لە گەڕی ئاسمان ئەکەن
ئەمما ئەتۆ بەقا بە دەوامی زەمان مەکە
گۆڕینی ئەو مەکینەی گۆڕین بە ئان ئەکەن
ئاکامی کاریان دڵی تاریکە ئێستەکەش
ئیکسیری بەو خەیاڵی عەبەسیان قەپان ئەکەن
مەی لێدە شێخ و حافزو موفتی و گزیری شار
تێ فکری هەر بە فێڵ و درۆیان ژیان ئەکەن

حافزی حەقیقی